
ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئێوە دینتان چییە؟

فاضل قەرەداغی

شوبات ٢٠٠٥

نەبوون یان لاوازیی کەسایەتی کورد کێشەیەکە کەم کەس هەستی پێدەکەن‌و کەمتر لەو کەسە کەمانـە هۆکارەکـانی دەزانن‌و زۆر کەمتریش چارەسەریان بۆی هەیە. دوو حزبـی دەسـەڵاتدار هۆیـەکی سـەرەکین بـۆ ئـەو نـەبوون یـان ئـەو لاوازییەی کەسایەتی. ئەگەر باسی لایەنی ئاینیش بکەین تۆ نازانی ئـەو دوو حزبە دینیان چییە. لـەوەش بگـەڕێ کە ئـەوان لـە موناسـەبەکاندا یان هەر کاتێك کاریان بە دین هەیە وەك موسڵمان قسە دەکـەن چونکە ئەمە تەنها گێلەکانی پێ دەخەڵەتێن.




تەماشای ئەم وێنەیەی بەرامبەری ئەم نووسینە بکەو بزانـە چۆن ئـەو کتێبـە فیرقـەی یەکـەمی پیـادەی سـوپای ئەمـەریکا لـەچاپی داوەو بریتییە لە ئینجیل و "مەزموورەکان"و "پەندەکان"و چۆن بەرگەکـەی وێنـەی سـەربازێکی تێدایـە لـەکاتی کڕنوشـداو ڕەنگـی بەرگەکـە لـە جلوبـەرگی بەڵەکی سـەرباز دەچـێ. ئەمـە گـەورەترین‌و بـەهێزترین دەوڵـەتی جیهانـە کـەچی ئـەو دوو حزبـە بچووکـەی کوردسـتان کـە بێهێزترین هێزن لە ناوچەکە بێزیان نایەت قورئان یان بەشێکی قورئان بەناوی هێزە چەکدارەکانیان لەچاپ بدەن‌و بەسەر چەکدارەکانیاندا دابەشی بکەن.

بێگومان ناشـتوانن ئینجیـل یـان تـەوراتیان بەسـەردا دابـەش بکـەن چونکـە نـاتوانن بەئاشکرایی حاشا لـە ئیسلام بکەن‌و ببنە مەسیحی یان جوولەکە. دوو حزبەکە ئـەو قەلەڕەشـەن کە ویستی لاسایی ڕۆشتنی کۆتـر بکاتـەوە کـەچی نەڕۆشتنی کۆتر فێر بوو و نەڕۆشتنی خۆی لەبیر مـا. ئەوەشـی خۆشـە ئەوەیـە قورئـان بەپێچەوانـەی ئینجیـل ئایـەتی زۆری جەنگی تێدایەو کە ئەمە لەگەڵ سروشتی ئیشی سەربازیدا دەگونجێ، جگە لـەوەش قورئـان ئایـەتی زۆری تێدایـە سەبارەت بە مامەڵە جەنگییەکان وەکو تـەعدا نـەکردن یـان وەڵامدانـەوەی تـەعدا بـە هـەمان ئـەندازە نـەك بـە زیـاترو داڵدەدانی ئەو کەسانەی پەنا بۆ موسڵمانان دەبەن هەتا ئەگەر کافریش بن..تاد کە شتی وا لە ئینجیلدا نییـە. دڵنیاشـین ئەگەر ئەفسەرە ئەمەریکییەکان قورئان ورد بخوێننەوە حەسوودی بـە موسـڵمانان دەبـەن کە کتێبێکی وایـان هەیـە بـە کەڵکی جەنگاوەران دێت.

کاتی خۆشـی جەنـەڕاڵی نـاوداری ئەمـەریکی (پـاتۆن) قورئـانی خوێندبـووەوە ئـەویش سـاڵی ١٩٤٣ کـاتێك هـێزە ئەمەریکییەکان لەڕێگەی دەریاوە بەرەو جەزائیر ڕۆشتن بۆ ئەوەی بەرەیەك بکەنەوە دژی ئەڵمانیای نازی. پـاتۆن دەڵـێ کە ئەو بەشانەی قورئانی خوێندەوە کە باسی کوژران لەپێناوی خواداو ئەو ژیانە خۆش‌وهەمیشـەییەی شـەهید دەسـتی دەکەوێ دەکەن، لاوە ئەمەریکییەکانیش بەوتەی پاتۆن فیکرەی وایان زۆر پێ خۆشە. ئێمەش لامان سەیر نەبێ ئەگەر

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لە دوارۆژدا ئەمەریکییەکان یان بەشێکیان ببنە موسڵمانو ئەو کاتە هەر ئەوان دێننەوە وڵاتەکەمانو ئەمجارە بەناو ئیسلامەوە فەتحی بکەنو لاوە دلگەرمەکانیان بەچاوی خۆمان ببینین ئاڵایەکی ئیسلامی بەرز بکەنەوە. مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ شتێك لەم جیهانەدا سەیر نییەو هەموو شتێك بۆی هەیە رووبدات.

رەنگە ئەگەر شتێکی واش روو بداتو لە دوارۆژدا موجاهیدی ئەمەریکی لەوڵاتەکەماندا ببینین لامان سەیر نەبێ بەڵام رەنگە هەروەها هاوشێوەی دوو حزبەکەی کوردستان (دەڵێین هاوشێوە چونکە قەناعەتمان هەیە کە دوو حزبەکەی ئێستا دوارۆژیان نییەو زۆری تر ناژین) ببینین، لەوانەیە وەکو قەلەڕەشەکە بڕۆن: هەنگاوێك بۆ پێشەوەو هەنگاوێك بۆ دواوە، یەکێك بەم لاو یەکێك بەو لا ..سەریان لێ بشێوێت و نەزانن چۆن رێ بکەن، بەڵام ئەو کاتە ئەوە شتە سەیرەکە دەبێت چونکە شتە ئاسایی و چاوەڕێکراوەکە ئەوەیە هاوشێوەی ئەو دوو حزبە بە ئاڵایەکی ئیسلامیی گەورەتر لەوەی فاتحی موسڵمانی ئەمەریکی بەرەو پیری ئەو فاتحە بڕۆن چونکە ئەو کاتە دەتوانن ئاغاو رەعیەتی خۆیان رازی بکەن. دوو حزبەکە خاوەن هیچ نین مەگەر خاوەن و فەرمانڕەوای دوو هاوڵاتیی بێدەسەڵاتی وەکو من و تۆ. ئەوان خاوەنی هیچ شتێکی خۆیان نین تەنانەت مان و نەمانی خۆیان چونکە هەر ئەوەندە وەزعی جیهانی و ناوچەیی بگۆڕێت لە بەفری بەهار زووتر دەتوێنەوەو بار دەکەن و من تۆ بۆ چارەنووسی نادیار بەجێدەهێڵن. بۆیە ئەگر لێم بپرسی ئاینی ئەو دوو حزبە چییە بەقەناعەتەوە پێت دەڵێم نازانم، ئەگەر تۆ زانیت پێم بڵێ مەمنوونت دەبم.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE